# كاريگەريی شانۆی بوكەڵە لەسەر پەرەپێدانی كارامەییەكانی ژیان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی

توێژینەوەیەكی وەرگیراو لە نامەی ماستەر

**سوێسنە كامل احمد          پ.د. سۆلاف فائق محمد علی**
**بەشی باخچە، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سلێمانی، كوردستان عێراق**

**پوختەی توێژینەوەكە**

لەم سەردەمی دیجیتاڵی هونەریدا شانۆی منداڵان، بووەتە پلاتفۆرمیكی بەهەند وەرگیراوی هەموو دامەزراوە پەروەردەییەكانی دونیا، بە جۆرێک خاوەنی پێشكەوتوترین دامەزراوە وكۆمپانیای بواری منداڵان و پەروەردەی منداڵان چەندە بەهێز بن، بەڵام وەک زەرورەتی پەروەدەیی سەردەم مامەڵەیان لەگەڵدا دەكەن. بێگومان. هەر بۆیە لە روانگە شانۆ كاریگەری لەسەر منداڵان و كارامەییەكانی ژیانی منداڵییەوە ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر شانۆی بوكەڵە و زانینی كاریگەریی شانۆی بوكەڵە لەسەر پەرەپێدانی كارامەییەكانی ژیان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی، بۆ گەیشتن بە ئامانجەكەی توێژەر پشتی بە میتۆدی (ئەزموونی) بەستووە، كۆمەڵگەی توێژینەوەكەی سەرجەم منداڵانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بوونەتە كۆمەڵگەی توێژینەوەكە، نموونەی توێژینەوەكە بریتیبووە لە (46)منداڵ توێژەر منداڵەكانی بەسەر دووگرووپدا (ئەزموونی گرووپی كۆنترۆڵكراو)دابەشكردووە، ئامرازی توێژینەوەكەی بریتیبوو لە ئامادەكردنی سێ پێوەر: ئامانجە ڕەفتارییەكان خۆی لە (85) بڕگەدا دەبینییەوە هەروەها پێوەری وێنەیی (26) پاشان (8) دەقی شانۆیی. بۆ دەستكەوتی داتاو زانیارییەكان پشتی بەستووە بە پرۆگرامی (spss) و هاوكێشە ئامارییەكانی (t-test) بۆ یەك نموونەو دوو نموونە، هاوكۆلكەی سپێرمان براوان و الفا كرونباخ كۆتمان و ناوەندە ژمێرەیی)، دوای ئەوەی توێژەر شیكاریی داتاكانی كرد، گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە جیاوازی ئاماری لە نێوان گرووپی ئەزمونی (پێش شانۆ و دوای شانۆ) هەیە،لەسەر پەرەپێدانی كارامەییەكانی ژیان لای منداڵانی باخچە لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی دوای شانۆ، جیاوازی لە تاقیكردنەوەی پێشەكی و تاقیكردنەوەی پاشەكی گرووپی كۆنترۆڵكراوهەیە، كە جیاوازییەكە لە بەرژەوەندی تاقیكردنەوەی پاشەكییە بۆ گرووپی كۆنترۆڵكراو، جیاوازی ئاماری بوونی هەیە بۆ گرووپی ئەزمونی ڕەگەزی نێر (پێش شانۆ و دوای شانۆ) لەسەر كارامەییەكانی ژیان لای منداڵانی باخچە لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی دوای شانۆ. جیاوازی ئاماری بوونی هەیە بۆ گرووپی ئەزمونی ڕەگەزی مێ (پێش شانۆ و دوای شانۆ) لەسەر پەرەپێدانی كارامەییەكانی ژیان لای منداڵانی باخچە لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی دوای شانۆ، جیاوازی ئاماری هەیە بۆ ڕەگەزی نێر لە گرووپی كۆنترۆڵ پێش شانۆ، جیاوازی ئاماری بوونی هەیە بۆ گرووپی كۆنترۆڵی پێش شانۆ لە بەرژەوەندی هەردوو ڕەگەز ، جیاوازی ئاماریی هەیە لەنێوان گرووپی ئەزموونی و كۆنترۆڵكراو دا لە تاقیكردەوەی پاشەكی شانۆی بوكەڵە. بەو پێیەی كە ناوەندە ژمێرەیی تاقیكردنەوەی پاشەكی بۆ شانۆی منداڵان لە گرووپی ئەزموونی (24.1304) گەورەترە لە تاقیكردنەوەی پاشەكی بۆ شانۆی منداڵان لە گرووپی كۆنترۆڵكراو (20.7391)، ئەوە دەردەخات كە جیاوازییەكە لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزمونییە.

**كلیلە وشەییەكان:** كاریگەری شانۆی بوكەڵە، پەرەپێدانی كارامەییەكان، منداڵانی باخچە، شاری سلێمانی

**بەشی یەكەم: ناساندنی توێژینەوەكە**

**1-1 كێشەی توێژینەوەكە**

گرنگترین هەنگاوی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، دیاریكردنو هەڵبژاردنی كێشەیە، چونكە پرۆسەی دۆزینەوەو رادەی پەیبردنی توێژەرە بە گرنگی ئەو بابەتە كە دەیێتە پاڵنەری ئەنجامدانی توێژینەوەكەو بەبێ ئەو هەنگاوەش، توێژینەوەیەكی دروستو كامڵ، بەرهەمناهێنرێت، هەروەها گواستنەوەو گۆڕینی بابەتێكی گشتییە بۆ پرسیار یان بۆ كێشەیەك كە شیاوی توێژینەوە بێت. سەرباری ئەوەی كە دیاریكردنی كێشە، زۆر لایەنی دیكەی توێژینەوەكە دیاریدەكات، وەك جۆری توێژینەوە، میتۆد و پلانی توێژینەوەكە و ئامرازەكانی و تادەگاتە جۆری ئەو داتاو زانیاریانەی پێویستە لەسەر توێژەر بەدەستیانبهێنێت.

شانۆی بوكەڵە (puppet theater) بەو پێیەی كە بەتەواوی تێكەڵ بە خەیاڵ و ئەندێشەی منداڵان دەبێت و ڕاستەخۆ كاریگەریی لەسەر تەندروستی و دروستی

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 14 سبتمبر 2022؛ قُبل في 12 ديسمبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 3 يونيو 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف: swesnakamil2@gmail.com
حقوق الطبع والنشر © 2023 سوێسنە، سۆلاف. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

دەروونی و لێهاتوییەکانی منداڵ دروست دەکات، توێژەر هەستی بەو گرفتە کردووە کە لەناو باخچەکانی منداڵاندا گرنگییەکی تەواو بە شانۆی بوکەڵە نادرێت بۆیە دەیەوێت توێژینەوەیەك ئەنجامبدات لەسەر کاریگەرییەکانی شانۆی بۆکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچەی لە باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانی.

**2-1 گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی شانۆ و بەتایبەتیتر شانۆی بوکەڵە لە ناو باخچەی منداڵاندا، وای کردووە زۆرێك لە وڵاتان پاڵپشتی مادی و مەعنەوی بکەن لەپێناو بونیادنانی منداڵێکی تەندروست، چونکە زانایانی پەروەردە لەسەر ئەوە کۆکن کە قۆناغی منداڵی یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی منداڵ لە دەستکەوتنی کارامەییە جۆر بەجۆرەکان، بە تایبەت کارامەییەکانی ژیان، ئەم کارامەییانە بۆ منداڵ ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە دەستکەوتنی بنەماکانی پەروەردەو پەرەپێدانی ئامادەیی سروشتی بۆ منداڵان، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەش، یەکێکە لەو داواکارییە بنەڕەتیانەی کە منداڵ پێویستی پێیەتی بۆ خۆگونجاندنی خودی لەگەڵ ژینگەی دەورووبەری و ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی، لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتیدەرە لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، فێربوونی کارامەییەکانی ژیان منداڵان فێری ئەوە دەکات لەوپەڕی بارودۆخی قورسیدا منداڵ بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەکان بکات.

**3-1 ئامانجی توێژینەوەکە**

زانینی کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی.

**4-1 گریمانەی توێژینەوەکە**

1. جیاوازی ئاماری نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداریی (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گرووپی ئەزموونی، لە تاقیکردنەوەی پەرەپێدانی کارامەیەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لە شانۆی بوکەڵەدا.
2. جیاوازی ئاماری نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداریی (0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گروپی (کۆنترۆلکراو) لە تاقیکردنەوەی پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا.
3. جیاوازی ئاماری نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداریی (0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گروپی (ئەزموونی) بەپێی ڕەگەز ، لە تاقیکردنەوەی پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا.
4. جیاوازی ئاماری نییە لەسەر ئاستی بەڵگەداریی (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گروپی کۆنترۆلکراو بەپێی ڕەگەز لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا.
5. جیاوازی ئاماریی نییە لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی منداڵانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆلکراو لە تاقیکردنەوەی پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا.

**5-1 سنوری توێژینەوەکە**

سنوری توێژینەوەکە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

1. سنوری کات: ئەنجامدانی توێژینەوەکە بۆ ساڵی خوێندنی (2021 – 2022).
2. سنوری مرۆیی: سنوری مرۆیی بریتییە لە منداڵانی باخچەکانی شاری سلێمانی.
3. سنوری بابەتی: کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە.
4. سنوری شوێن: باخچەکانی منداڵان لە پارێزگای سلێمانی.

**6-1 پێناسەی چەمك و زاراوەکان**

**1- پێناسەی شانۆ (The theater)**

"شانۆ بریتییە لە باوکی هونەرەکان کە زۆرترین کاریگەریی لەسەر مرۆڤ دادەنێت و بە دووەم پێشکەوتووترین شێوەی هونەر دادەنرێت دوای هۆنراوە، زۆرێك لە چالاکییەکانی مرۆڤی تێدا کۆبووەتەوە، زۆرێك لە هونەرەکانی تێدا بەرجەستە دەکرێت، وەك هونەری نووسینی ئەدەبی هونەری نواندن هونەری دەرهێنان، هونەری شێوەکاریی، هونەری ڕووناکی و هونەری مۆسیقا، سەرجەم ئەم هونەرانە دەرەنجامی نمایشی شانۆیی بەرجەستە دەکات". (ابتسام، 2016: 5)

"شانۆ بەوە ناسراوە کە هونەرێکە تێدەکۆشێت بۆ گۆڕینی دەقێکی سەر کاغەز بۆ کۆمەڵێك دیمەنی واقیعی وراستی ، کە پشت بە ڕۆڵی ئەکتەرەکان لە جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر بینەران و( ئامادەبوان )لە هۆڵی شانۆدەبەستێت ". (عبدالقادر، 2018: 8)

پێناسەی ڕێکاریی شانۆ

شانۆ بریتییە لە نمایشی دەقە شانۆییەکانی تایبەت بە بە پەرەپێدانی توانا و لێهاتوییەکانی مرۆڤ کەتیایدا ڕۆڵەکان بەرجەستەدەکات لە دەقێکی سەرکاغەزەوە ڕۆلەکان دەگوازێتەوە بۆ ڕۆڵێکی بەرجەستەکراو.

**2- پێناسەی شانۆی بوکەڵە (puppet theater)**

"جۆرێکی سەرەتاییە لە شانۆ کە پێویستی بە چوارچێوەیەك لە تەختەی گەورە هەیە تا لە ئاستی زەوییە وەبەرز بێت و کۆمەڵێك لە بوکەڵەی لەپەڕۆ دروستکراو، کۆمەڵێك لە نمایشکار بەهۆی دەزوویەکەوە دەیجوڵێنن." (قشوة، 2006: 14)

"بریتییە لەو شانۆیەی ئاراستەی منداڵ دەکرێت تا بەهۆیەوە کۆمەڵێك لە شارەزایی و لێهاتوویی زانیاریی و بیرکردنەوەی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەری وەربگرێت تا ببێتە هۆی گەشەکردنی هەستی جوانی و لێهاتویی و دروستی و لە بونیادنانی کەسایەتی منداڵ بەشێوەیەکی تۆکمە". (شعبان، 2002: 21)

"شانۆی بوکەڵە باشترین مامۆستایە بۆ منداڵ لە گەشەکردنی توانا و پەروەردەیی هەتا تەمەنی گەورەبوونی، خۆشەویستی هونەری بەشێوەیەکی گشتی و شانۆ بە تایبەتی لای خۆشەویست دەکات، هەر لە ڕێگەی شانۆوە منداڵ دەتوانێت زۆرشت فێربێت، کەتوانای دەربڕین و گوزارشتکردن لە ژینگەی چواردەوری فێردەبێت." (الدسوقي، 2018: 872)

"شانۆی بوکەڵە جگە لەوەی کە هونەرێکە، لە دەرەنجامی پێداویستییەکانی مرۆڤ بۆ دەربڕینی گوزارشتەکانیان لە دایکبووە، کە لەسەر بنەمای ڕۆشنبیریی و

سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانی هاتووەتە بەرهەم." (الحوراني و ئەوانی تر، 2019: 5)

پێناسەی ڕێکاری شانۆی بوکەڵە

شانۆی بوکەڵە بریتییە لە نمایشکردنی دەقە چیرۆکییەکانی بۆ منداڵانی باخچە کە تیایدا بوکەڵەو بوکە شوشە بەکاردەهێنرێت کە ئامانج داره وبەمەبەستی گەیاندنی فێرکاری بەکادەهێنرێت تا لەڕێگەیەوە کارامەییەکانی ژیان فێربن.

### 3- پێناسەی کارامەیی (skill)

"بریتییە لە ئەدایەکی جیاوازی ئاست بەرز لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، سەرجەم ئەو ئەدایانە دەگرێتەوە کە سەرکەوتوون و پەیوەستە بە گەیشتن بەو ئامانجەی کە دیاریکراوە." (علاوي، 1994: 110).

"تایبەتمەندی ئەو چالاکییەیە کە لەماوەیەکی دیاریکراودا وەرگیراوە بەهۆی ڕاهێنانێکی مەبەستدارەوە یان جێبەجێکردنی ئەرکێك بەڕێگایەکی گونجاو، بەشێوەیەك کە دەبێت ئەو چالاکییە پیشەیەکی سوودبەخش بێت لە وەرگرتنی لێهاتوویی لای فێرخواز." (صادق، ابوخطيب، 1994: 330)

"بریتییە لە گرنگیدان بەلایەنی عقڵی و یژدانی مرۆڤ، لە پێناو فێربوونی لێهاتووییەکاندا و پێویستە گرنگی بە ئاستی زانینی تیۆرە عەقڵیەکانی ئەو بوارەی کە لێهاتووییەکە سەرچاوەی زانیاریەکانی لێوەرگرتووە، و لایەنی ویژدانی، گرنگی بە ئاستی پابەندبوون و خستنەڕوو و ڕاهێنانی فێرخواز دەدات." (سلامه، 2001: 66)

"بریتییە لەو کارەی کە تاکێك یان منداڵ فێری دەبێت و وای لێدەکات بەباشی لەو کارە تێبگات و هەروەها بەباشیش مامەڵەی لەگەڵدا بکات، لەگەڵ چڕکردنەوەی کات و هەوڵدانەکانی." (الخيكاني، 2014: www.uobabylon.edu.iq)

پێناسەی ڕێکاریی کارامەیی

بریتییە لەو لێهاتوویی و چالاکیانەی کە منداڵان لە ئەنجامی بینین و بیستنی دەقە شانۆییەکانەوە بەدەستی دەهێنن و فێریدەبن تا لەڕێگەیەوە گرنگی بە کارامەییەکانی ژیان بدەن لە باخچەی منداڵان .

### 4- پێناسەی کارامەییەکانی ژیان (life skills)

"ئەو توانا عەقڵی و سۆزداری و هەستیانەیە کە وا لە تاک دەکات بتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات یان ڕووبەڕووی ئەو تەحەددایانە بێتەوە کە دێنە ڕێی لە ژیانی ڕۆژانەیدا، یان دەستکاریکردنی شێواز و ژیانی تاک و کۆمەڵگە، و کارامەییەکانی پەیوەست بە زانست بریتین لە کارامەییەکانی خۆراک، کارامەییە تەندروستییەکان، کارامەییەکانی خۆپارێزی، کارامەییە دەستییەکان، کارامەییە ژینگەییەکان. " (سالم، ٢٠١٤: ١٢)

"بڕی ئەو کارامەییانەی کە پێویستە بۆ فێرخوازان بۆ پراکتیزەکردنی ژیانی ڕۆژانەیان و چالاکییەکانی ژیانیان، وەک کارامەیی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کات و هەوڵ و پارە و بەڕێوەبردنی ململانێ و دانوستان و مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی تر." (سالم، ٢٠١٤: ١٢)

"بریتین لە ئارەزوو و زانین و توانای چارەسەرکردنی کێشە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەیە، یان ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددیاتی ڕۆژانە، یان ئەنجامدانی ڕێکخستن و باشترکردنی شێواز و کوالێتی ژیانی تاک و کۆمەڵگایە." (جعاره، ٢٠١٧: ١٣)

"ئەو کارامەییانەن کە بەردەوامن بە بەردەوامبوونی ژیان و بەشدارییەکی کاریگەر دەکەن لە بەدەستهێنانی کۆمەڵێک کارامەیی بنەڕەتی لەلایەن منداڵەوە و توانای کارلێککردن و مامەڵەکردن لەگەڵ سەختییەکانی ژینگەی دەوروبەری دەداتێ، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە گەرەنتی توانای بیرکردنەوەی داهێنەرانە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بڕیاردانی بۆ دەکات، هەروەها خاوەندارێتی لێهاتوویی خۆفێرکردن کە وا لە منداڵ دەکات توانای فێربوونی هەبێت لە هەموو کاتەکاندا ." (الشمری و الصعيدی، 2017: ٢٤٢)

پێناسەی ڕێکاریی کارامەییەکانی ژیان

بریتییە لە دەستکەوتن و بوونی کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لە سەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچەی منداڵان بۆ هەردوو گرپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو.

## باسی دووەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە و ڕێوشوێنە مەیدانییەکان

### 1-3 میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی توێژینەوە دیاردەیەکی شارستانیی زۆر گرنگ و پێویست بوو لە پێویستییەکانی زانست و دانەرانی پەرتووکەکان، هەر ئەمەش بووە سروشتێکی ئاسایی و پەیوەست لە بوونی میتۆدی توێژینەوە لەم دوایانەدا لە سەرجەم زانکۆکانی جیهان. (الظاهر، 1970: 22)

سروشتی هەر دیاردەو گرفتێك لە توێژینەوەدا جۆری میتۆدەکە دیاریدەکات، ئەمە وا لە توێژەر دەکات میتۆدی گونجاو بەکاربهێنیت تا بەهۆیەوە بگات بە ئەنجامی گونجاو و زانستی بۆ توێژینەوەکە. (عمر، 1983: 43).

میتۆدی لە هەموارکردنێکی ورد و مەبەستداری هەلومەرجی دیاردەیەك و تێبینرکردنی، پاشان لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەو گۆڕانکارییەی کە لە ئەنجامی هەموارکردنەکەدا بەسەر دیاردەکەیدا دێت، یاخود بریتییە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو فاکتەرە بنچینەیانەی کە کاریگەرییان لە گۆڕاو یان گۆڕاوە پاشکۆکانی ئەزموونەکە هەیە، جگە یەك فاکتەر کە توێژەر هەژموونی بەسەردا دەدات و بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێت دەیگۆڕێت، ئەوەش بە مەبەستی پێوانەکردنی ئەو کاریگەرییەی بەسەر گۆاوە پاشۆکەدا دێت.(بۆكاني، 2020: 101)، بۆیە ئێمە (میتۆدی ئەزموونی) مان بەکارهێناوە تا بەهۆیەوە بتوانین بگەین بە ئامانجی توێژینەوەکەمان لەگەڵ ئەوەشدا ئەم میتۆدە گونجاوە لەگەڵ ناوەڕۆکی توێژینەوەکەماندا

خشتەی (1) دیاریکردنی میتۆدی توێژینەوەکە

| گروپ | ژ | تاقی کردنەوەی پێشەکی | ڕێگای وانەوتنەوە | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| گروپی ئەزمونی | 23 | لێهاتوییەکانی ژیان | شانۆی بوکەڵە | لێهاتوییەکانی ژیان |
| گروپی کۆنتڕۆڵکرا | 23 | لێهاتوییەکانی ژیان | ڕێگای ئاسایی | لێهاتوییەکانی ژیان |

### 2-3 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگای توێژینەوە هەموو ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە چوارچێوەی بابەتی کێشەی توێژینەوە. (بوضرغم، 2000: 69) لەم توێژینەوەیەدا سەرجەم منداڵانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانی دەبنە کۆمەڵگەی توێژینەوە، کە دواجار دەبێتە سەرچاوەی دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە، واتا هەر لەو کۆمەڵگەیە توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی دەستنیشان دەکات. ژمارەی باخچەکان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی

پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بریتین لە (74)(*) باخچەی منداڵان، کە (35) باخچەیان حکومین و (39) باخچەیان کەرتی تایبەتن، هەروەها ســـەرجەم ژمارەی منداڵانی باخچە لە هەردوو بەڕێوەبەرێتییەکە بریتییە لە (17720) منداڵ لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ.

خشتەی (2) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

| باخچە / بەڕێوەبەرێتی | جۆری باخچە | | ژ. منداڵ |
|---|---|---|---|
| | حکومی | تایبەت | |
| ڕۆژهەڵات | 13 | 8 | 14179 |
| ڕۆژئاوا | 22 | 31 | 3541 |
| کۆ | 35 | 39 | 17720 |

ســەرچاوە: کاری توێژەر بە پشـتبەسـتن بە زانیارییە ئامارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

ســـەبارەت بەو کۆمەڵگەیەی کە توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە، بریتییە لە منداڵانی باخچەی منداڵان لە پارێزگای شـــاری ســـلێمانی، توێژەر هەردوو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)ی وەرگرتووە بە باخچە (حکومی و تایبـەت)ەکانـەوە، لە بـەڕێوەبـەرێتی پـەروەردەی ڕۆژهـەڵات توێژەر لە باخچـە حکومییەکان (13) باخچە و لە باخچە تایبەتەکان (8) باخچەی وەرگرتووە کە کۆی منداڵان تێیدا (14179) منداڵە لە ئاســـتی دووەمی تەمەن (5) ســـاڵ، هەروەها لە پەروەردەی ڕۆژئاوا ژمارەی باخچە حکومییەکان (13) باخچەیەو باخچە تایبەتییەکان (31) باخچەیە، کە کۆی منداڵان تێیدا (3541) منداڵە لە ئاســـتی دووەمی تەمەن (5) ساڵ، کۆی سەرجەم منداڵان لەو ئاستەدا دەکاتە (17720) منداڵ.

خشتەی (3) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کە توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی لێوەرگرتووە

| ڕەگەز | ژمارە |
|---|---|
| نێر | 81 |
| مێ | 112 |
| کۆ | 193 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە ئاماری (باخچەی منداڵانی ترێ)

### 2-3 نموونەی توێژینەوەکە

بریتییە لە بەشـێك لەو کۆمەڵگەیەی کە توێژەر دەستنیشانیکردووە بە مەبەستی توێژینەوە و گەیشـــتن بە دەرەنجامی توێژینەوەکەی. (العزاوي، 2008 :181). یان بریتییە لە بەشـــێك لەو کۆمەڵگەیەی کە خەســـڵەتێکی هاوبەشی تێدایەو نوێنەرایەتی کۆمـەڵگـەکـەی دەکات. (بۆکانی، 2020 :112) توێژەر نموونـەی توێژینـەوەکـەی دەســـتنیشـــانکرد لە منداڵان لە باخچەی منداڵانی ترێ کە ژمارەیان (46) منـداڵـە، دابـەشـــیکردوون بـەســـەر دوو گرپودا (گروپی ئـەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو) وەك لە خشـــتەی (1) دا دیارە. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی باخچە، توێژەر ســـەردانی باخچەکەی کرد بە مەبەســـتی پێدانی نووسراوی ئاســـانکاریی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا لە پارێزگای سلێمانی

توێژەر باخچەی منداڵانی ترێ بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژاردووە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1. باخچەی منداڵانی ترێ لەڕووی شـوێن و دوورو نزیکییەوە بۆ توێژەر گونجاوبوو، چونکە لەکاتی کارکردن و ئامادەبوونیدا دەیتوانی بەبێ ئاستەنگ و زوو ئامادەبێت.
2. بوونی ئامرازەکانی فێرکردن لەو باخچەیەدا، (داتاشـــۆ، وایت بۆرد، پەزڵ، مورو، بوکەڵە، ماجیکی ڕەنگاورەنگ، تەختەی شـانۆ، وێنەی ڕەنگاورەنگ، ئەنجامدانی چالاکی بەکۆمەڵ میکســـەری دەنگی، هۆڵی شــــانۆ)، هۆکاربووە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی توێژینەوەکەی، بە تایبەت خستنەڕووی شانۆی بۆکۆڵە بۆ منداڵان.
3. گونجانی توێژەر لەگەڵ دەستی کارگێڕی باخچەکەدا، چونکە دەستەی کارگێڕیی و مامۆســـتایانی باخچەکە ئامادەیی خۆیان دەربڕیبوو لە هاوکاریکردنی توێژەر بۆ تەواوکردنی ئەرکە زانستییەکەی.
4. ئامادەییەکی گونجاو هەبوو لەلایەن منداڵانی باخچەی منداڵانی ترێ، لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشـــنبیرییەوە کە تاڕادەیەکی زۆر نزیکبوون لەیەکەوە، لەگەڵ ئەوەی کە سنوری جوگرافی و نیشتەجێبوونیان لەیەکەوە دووربووە.
5. خودی توێژەر لەو باخچەیەدا وەکو مامۆسـتای وانەبێژ وانەی وتووەتەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ.

دواجار توێژەر بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خالانەی سەرەوە و کەمکردنەوە ئاستەنگی بەردەم هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەی نموونەی توێژینەوەکەی هەڵبژارد، پاشـــان بەشـێوەی هەڕەمەکی تیروپشـك لە نێوان ژوورەکانی(باران، هاوین، پایز، زسـتان، هەور)، پاشـــان ژووری (زســـتان و پایز) لە تیروپشـــکەکە دەرچوون و توێژەر دابەشیکردن بەسەر هەردوو گروپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵ) کراودا.

خشتەی (4) نموونەی توێژینەوەکە

| گروپ | ژمارەی منداڵ | | کۆ |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | |
| ئەزموونی | 11 | 12 | 23 |
| کۆنترۆڵکراو | 11 | 12 | 23 |
| کـــــۆی گشتی | 22 | 24 | 46 |

### 3-3 کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان

بۆ هاوتاییکردن لە نێوان گروپەکاندا توێژەر گۆڕاوەکانی هەڵبژارد و هەوڵیداوە هاوتایان بکات، کە ڕەنگدانەوەی لەســـەر دەرەنجامی توێژینەوەکە دەبێت، لە پێناو هاوتاییکردنی گروپەکان و سەرنجدان بۆ دڵنیابوون و لەڕاستگۆیی و نەگۆڕی ئەنجامی توێژینەوەکە توێژەر هەوڵیداوە نموونەی توێژینەوەکەی لە چەند لایەنێکەوە کۆنترۆڵ بکات، لەوانەش ( تەمەنی فێرخوازانی گروپەکە بەپێی مانگ هەژمارکراوە، ئاســـتی خوێندنی باوکان ، ئاستی خوێندنی دایکان، پیشەی باوکان ، پیشەی دایکان).

#### 1-3-3 بەپێی تەمەن

ئەم هەنگاوە توێژەر لە گۆڕاوی تەمەنی هەژمارکراو بە مانگ دڵنیا دەکاتەوە، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ تۆماری منداڵان لە باخچەکەیان، دوای گەڕان بەدۆســـیەی

[*]- ژمارەی ئاماری باخچەو منداڵانی باخچە وەرگیراوە لە بە شی (ئامار)ی بەڕێوەبەرێتی گ شتی پەروەردەی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (2021 – 2022).

منداڵان لە باخچەکەیان، توێژەر زانیاریی دەربارەی ئەو گۆڕاوانەی دەســـتكەوت کە پێویســـتی بوو لە کۆکردنەوەی زانیاریی لەســـەری، هەربۆیە فۆرمی زانیاریی بە منداڵان درا کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکرابوو، دوای تۆمارکردنی داتاو زانیارییەکان بەپێی (ڕۆژ، مانگ، ساڵ) تا بەرواری (2022/2/23) ، توێژەر (شیکردنەوەی جیاکاریی test– T )ی بەکارهێنا بۆ شیکاریی زانیارییەکان و گەیشتن بە ئەنجام لە دیاریکردنی تەمەنی منداڵان، وەك لە خشتەی (5)دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (5) هەژمارکردن بەشیکردنەوەی جیاکاری بەهای (T ) لای گروپەکانی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی تەمەنی هەژمارکراو بە مانگ

| گروپەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تا | | بەلگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| تەمەن ئەزمون | 2.6087 | 1.11759 | 22 | 0.31 | 2.074 | 0.76 |
| تەمەن کۆنترۆڵ | 2.69565 | 0.87567 | | | | |

خشـــتەی (5) ئەوە ڕوندەکاتەوە کە بەهای خشـــتەیی هەژمارکراو بریتییە لە (0.31) و بەهای خشـــتەیی بریتییە لە (2.074)، بەو پێیە بەهای هەژمارکراو بچووکترە لە بەهای خشـــتەیی، کەواتە ئاســـتی ئاماریی بەڵگەداری نییە لە نێوان گۆڕاوی تەمەنی نموونەی توێینەوەکە بۆ گروپی توێژینەوەکە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گروپەکان لە گۆڕاوی تەمەن بەپێی هەژمارکراوی مانگ هاوتان.

**2-3-3 ئاستی خوێندنی (باوکان)**

مەبەست لە ئاستی خوێندن ئاستێکی دیاریکراوی دەستكەوتە، یان لێهاتوویيە لە بەدەســـتهێنانی بڕوانا مە کە هەڵســـەنگاندن و پێوانە دەکرێت بە تاقیکردنەوە بەشـــێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو. (الحموي، 2010 :180). توێژەر نمرەی ئاســـتی خوێندنی بەپێی جۆری بڕوانامەکانی فێرکردنی بۆ چوار ئاســـت دابەشـــكرد، ئەوانیش (ئاســـتی بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگا ، زانکۆ) بۆ ئەم مەبەســـتەش توێژەر بە بەکارهێنانی بەهای (کای دوجای ســـکوێر) هەژماری نێوان گروپەکانی توێژینەوەکە خستووەتەڕوو.

خشتەی (6) بەهای (دوجای کای سکوێر) دووبارە بوونەوەی ئاستی خوێندنی باوکان لای گروپەکانی توێژینەوەکە

| گروپ | ژمارە | بنەڕەتی | ئامادەیی | پەیمانگا | زانکۆ | بەهای کا2 | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| کۆنترۆڵکراو | 23 | 6 | 8 | 5 | 4 | 1.409 | 3.841 | بەڵگەدار نیە |
| ئەزمونی | 23 | 5 | 8 | 3 | 7 | | | |
| گشتی | 46 | 11 | 16 | 8 | 11 | | | |

خشـــتەی (6) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بەهای (کای ســـکوێر)ی هەژمارکراو کە بریتییە لە (1.409) و بەهای خشـــتەی کە بریتییە لە (3.841)، ئەوە دەگەیەنێت کە بەهای هەژمارکراو بچووکترە لە بەهای خشتەیی، کەواتە ئاستی ئاماریی بەڵگەداریی لە نێوان ناوەندی ئاســـتی خوێندنی باوکان بۆ بڕوانامە نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گروپەکان هاوتان لە گۆڕاوی ئاستی خوێندن.

**3-3-3 ئاستی خوێندنی (دایكان)**

مەبەست لە ئاستی خوێندن ئاستێکی دیاریکراوی دەستكەوتە، یان لێهاتوویيە لە کاری لە بەدەســـتهێنانی بڕوانامە کە هەڵســـەنگاندن و پێوانە دەکرێت بە تاقیکردنەوە بەشـــێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو. (الحموي، 2010 :180). توێژەر نمرەی ئاســـتی خوێندنی بەپێی جۆری بڕوانامەکانی فێرکردنی دابەشـــكرد بۆ چوار ئاســـت ئەوانیش (ئاســـتی بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگا، زانکۆ) بۆ ئەم مەبەســـتەش توێژەر بە بەکارهێنانی بەهای (کای دوجای ســـکوێر) هەژماری نێوان گروپەکانی توێژینەوەکە خستووەتەڕوو.

خشتەی (7) بەهای( دوجای کای سکوێر) دووبارە بوونەوەی ئاستی خوێندنی دایكان لای گروپەکانی توێژینەوەکە

| گروپ | ژمارە | بنەڕەتی | ئامادەیی | پەیمانگا | زانکۆ | بەهای کا2 | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| کۆنترۆڵکراو | 23 | 8 | 6 | 3 | 6 | 2.385 | 3.841 | بەڵگەدار نیە |
| ئەزمونی | 23 | 6 | 9 | 5 | 3 | | | |
| گشتی | 46 | 14 | 15 | 8 | 9 | | | |

خشـــتەی (7) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بەهای (کای ســـکوێر)ی هەژمارکراو کە بریتییە لە (2.385) و بەهای خشـــتەی کە بریتییە لە (3.841)، ئەوە دەگەیەنێت کە بەهای هەژمارکراو بچووکترە لە بەهای خشـــتەیی، کەواتە ئاســـتی ئاماریی بەڵگەداریی لە نێوان ناوەندی ئاســـتی خوێندنی دایكان بۆ بڕوانامە نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گروپەکان هاوتان لە گۆڕاوی ئاستی خوێندن.

**4-3-3 پیشەی باوكان**

پیشە بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکی جۆراوجۆر لە بوارەکانی پەروەردەو پزیشكی و کارە دادگەرییەکان و ...هتد، بەوەش لە کارەکانی تر جیا دەکرێتەوە کە قازانجی مادی تێیدا مەبەســـت نییە. یان جۆرێکە لە خزمەتگوزاری کە مەبەســـت لێی لێهاتوویی و ئارەزوو ســـەلیقەیە لە کارێکدا کە تاك وە پســـپۆڕی تێیدا کار یەوولارق000). توێژەر نمرەی پیشـــەی باوکانی بەپێی جۆری پیشـــەکان بۆ سێ پیشـــە دابەشـــكرد ئەوانیش (فەرمانبەر، مامۆســـتا، کاری ســـەربەخۆ) بۆ ئەم مەبەســـتەش توێژەر بە بەکارهێنانی بەهای (کای دوجای سکوێر) هەژماری نێوان گروپەکانی توێژینەوەکە خستووەتەڕوو .

خشتەی (8) بەهای (دوجای کای سکوێر) دووبارە بوونەوەی پیشەی باوکان لای گروپەکانی توێژینەوەکە

| گروپ | ژمارە | فەرومانبەر | مامۆستا | کاسب | بەهای کا2 | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| کۆنترۆڵکراو | 23 | 7 | 4 | 12 | 0.154 | 5.991 | بەڵگەدار نیە |
| ئەزمونی | 23 | 7 | 5 | 11 | | | |
| شتی | 46 | 14 | 9 | 23 | | | |

خشـــتەی (8) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بەهای (کای ســکوێر)ی هەژمارکراو کە بریتییە لە (0.154) و بەهای خشـــتەی کە بریتییە لە (5.991)، ئەوە دەگەیەنێت کە بەهای هەژمارکراو بچووکترە لە بەهای خشـــتەیی، کەواتە ئاســـتی ئاماریی بەڵگەداریی لە نێوان پیشــــەی باوکان بۆ گروپەکانی توێژینەوەکە نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گروپەکان لە گۆڕاوی پیشە بۆ باوکان هاوتان

**3-3-5 پیشەی دایکان**

پیشە بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکی جۆراوجۆر لە بوارەکانی پەروەردەو پزیشکی و کارە دادگەرییەکان و ...هتد، بەوەش لە کارەکانی تر جیا دەکرێتەوە کە قازانجی مادی تێیدا مەبەســـت نییە. یان جۆرێکە لە خزمەتگوزاری کە مەبەســـت لێی لێهاتوویی و ئارەزوو ســـەلیقەیە لە کارێکدا کە تاك وە پســـپۆڕی تێیدا کار دەکات و شـــێوەیەکی بـەردەوامی هـەیـە بۆ مـاوەیـەکی درێژ. (باشی، 2019 :ص108)، ). توێژەر نمرەی پیشـــەی دایکانی بەپێی جۆری پیشـــەکان بۆ ســـێ پیشـــە دابەشـــکرد ،ئەوانیش (فەرمانبەر، مامۆســـتا، ژنی ماڵ) بۆ ئەم مەبەســـتەش توێژەر بە بەکارهێنانی بەهای (کای دوجای سکوێر) هەژماری نێوان گروپەکانی توێژینەوەکە خستووەتەڕوو .

خشتەی (9) بەهای (دوجای کای سکوێر) دووبارە بوونەوەی پیشەی دایکان لای گروپەکانی توێژینەوەکە

| گروپ | ژمارە | بنەرەتی | ئامادەیی | پەیمانگا | زانکۆ | بەهای کا2 | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| کۆنترۆڵکراو | 23 | 8 | 6 | 3 | 6 | 2.385 | 3.841 | بەڵگەدار نیە |
| ئەزمونی | 23 | 6 | 9 | 5 | 3 | | | |
| گشتی | 46 | 14 | 15 | 8 | 9 | | | |

خشـــتەی (9) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بەهای (کای ســکوێر)ی هەژمارکراو کە بریتییە لە (2.385) و بەهای خشـــتەی کە بریتییە لە (3.841)، ئەوە دەگەیەنێت کە بەهای هەژمارکراو بچووکترە لە بەهای خشـــتەیی، کەواتە ئاســـتی ئاماریی بەڵگەداریی لە نێوان پیشەی دایکاندا نییە کەواتە گروپەکان لەڕووپیشەییەوە دایکات هاوتان.

3-4 ئامرازی توێژینەوەکە

بەو پێیەی ئامانجی توێژینەوەکە جەخت لەســـەر کاریگەریی شـــانۆی بوکەڵە لەسەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە) دەکاتەوە،

توێژەر ئامرازی توێژینەوەکەی بەم شێوەیە ئامادەکردووە:

**3-4-1 پێوەری وێنەیی:**

بۆ دانانی پێوەرەکە توێژەر بەپشـــت بەســـتن بە گەڕان بەدوای ســـەرچاوە و توێژینەوەکان و گۆڤاروکەسانی پشپۆڕ و شارەزا لە بوارەکەدا پرۆگرامەکانی خوێندن و ئەوچیرۆك و بابەتانەی پەیوەیســـتن بە پێوەرەکەوە، توێژەر هەســـتا بە دانانی چەند پرســـیارێك لە فۆرمێکی کراوەدا لەســـەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە کـە خۆی لە ســـێ بواردا دەبینێـەوە وەك (بواری کۆمـەڵایـەتی، ژینگـەیی، تەندروســـتی)، توێژەر ئەم فۆڕمەی دابەشـــکردووە بەســـەر (30) مامۆســـتادا و سەرپەرشتیاری پەروەردەی لە( 6)باخچەی منداڵان.

پاش شـــیکردنەوە بۆ وەڵامی ڕاپرســـییە کراوەکە و ڕاوێژکردن و چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆســـتاوشـــارەزایانی باخچەی منداڵان، چەند پێویســـتی و ڕاوبۆچوێکی ســـەرەکی و گرنـگ دیاریکران کـە گرنگن بۆ باخچـەی منـداڵان بۆ بنیـادنان و دروستکردنی پێوەری وێنەیی بابەتی توێژینەوەکە.

توێژەر هەســتاوە بە دروســتکردنی پێوەرێکی وێنەیی لەســەر دەشــتنسانکردنی پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان بە پشـــتبەســـتن ڕاوبۆچونی کەســـانی پســـپۆڕو شـارەزاراپرسـیە کراوەکەوبە ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن و ئەو چیرۆك وشـانۆیانەی کە جەخت لە پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە دەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەســـتە توێژەر هەســـتاوە بە دانانی (26) بڕگە و وێنە کە ســـەرجەمیان هەڵبژاردن بوون بۆ ڕوونکردنەوەی بڕگەکان و تێگەیشـــتنی زیاتری منداڵان لە دەســـتکەوتنی باشـــترین وەڵام بۆ پەرەپێدانی کارامییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە ، توێژەر پێوەرە وێنەییەکەی بەسەر (9) پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەکەدا دابەشکرد، توێژەرانیش ڕای خۆیان لەسەر بڕگەکان دەربڕی پاش دەستکاریکردنێکی کەم لە هەندێك لە وێنەکان و بڕگەکان وەکو خۆیان دانرانەوە.

توێژەر پێوەری وێنەیی بۆ چەند مەبەستێك بەکارهێناوە کە بریتین لە:

أ. بۆ دیاریکردن و پێوانـەکردنی پـەرەپێـدانی کارامـەییـەکانی ژیان لای منـداڵانی باخچە و دەرخستنی ڕۆڵی شانۆی بوکەڵە لە بونیادنانی کارامەییە جەستەیی و نیشتمانییەکان.

ب. دانانی پێوەریی وێنـەیی بـەکارهـاتووە وەك پێوەرێکی دواخراو لە پێوانـەکردنی کاریگەرییەکانی پێوەرەکە لەســـەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە.

**3-4-1-1 ڕاستگۆی ڕواڵەتی**

ئەو بڕگەو پێوانانەی کە لە ئامرازی توێژینەوەدان پێویســـتە تەنیا ئەو دیاردەیە یان ئەو گۆڕاوە بنوێنن کە لە بنچینەدا بۆی ئامادەکراوە.(بۆکانی، 2020 :153). بۆ دیاریکردنی ڕاســتگۆیی ڕواڵەت توێژەر هەســتا بە دابەشــکردنی پێوەری توێژینەوەکە بەسەر (9 ) شارەزا لە بواری دەروونی و پەروەردەیدا ، داوایان لێکرا سەرنجی خۆیان ســەبارەت بە گونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان بخەنەروو،هەر گۆڕانکاریەک کە بە باشی دەزانن پێشـــنیازی بکەن، دوای وەرگرتنەوەیان، توێژەر بۆی دەرکەوت بە ڕێژەی (93%) شارەزایان ڕەزامەند بوون لەسەر بڕگە جیاوازەکانی پێوەرکە، هەروەها بەپێی پێشـنیازی پســپۆڕان گۆڕانکاری لە بڕگەکان کراو بڕگەکانی ســەرجەم بڕگەکان مانەوەو هیچ بڕگەیەک لانەبراوە .

**3-4-1-2هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان**

توێژەر بۆ جیاکەرەوەی ئاماری بڕگەکان، پێوەرەکەی بەســەر (130) منداڵ لە باخچەی (شـــۆخان )لە هەردوو ڕەگەز دابەشـــکرد، دوای وەڵامدانەوە داخلکردن و ڕیزکردنی فۆرمەکان لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین، پاشـــان فۆرمەکانی کۆمەڵەی نمرە بەرزەکان بە ڕێژەی لە (27%) و کۆمەڵەی نمرە نزمەکان بە ڕێژەی (27%)ی وەرگیرا، دواتر ( ناوەندی ژمێرەیی ) بۆ هەر بڕگەیێک دەرهێنرا لە هەردوو گروپەکە (کۆمەڵەی نمرە بەرزەکان کۆمەڵەی نمرە نزمەکان) بە بەکارهێنانی ئەو ڕێگەیە بە پشـت بەســـتن بە بەرنامەی (SPSS) دۆزینەوەی توانای هێزی جیاکەرەوەیان دەرکەوت ئەویش بە پێی نرخی (T)، ئەنجامی شیکردنەوەی ئاماری ئەوە دەردەخات کە بەهای

(t-Test) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) دەرکەوت کە سەرجەم برگەکان هێزی جیاکەرەوەیان بەڵگەدارە ،

خشتەی (10) هێزی جیاکەرەوەی برگەکان

| برگە | بەرز | | نزم | | بەهای تا | | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەژمارکراو | خشتەی | |
| 1 | 0.96 | 0.20 | 0.67 | 0.48 | 2.072 | 1.66 | 0.000 |
| 2 | 0.92 | 0.28 | 0.63 | 0.49 | 3.912 | 1.66 | 0.000 |
| 3 | 0.71 | 0.46 | 0.63 | 0.49 | 1.760 | 1.66 | 0.003 |
| 4 | 0.88 | 0.34 | 0.33 | 0.48 | 2.046 | 1.66 | 0.001 |
| 5 | 0.79 | 0.41 | 0.67 | 0.48 | 2.234 | 1.66 | 0.000 |
| 6 | 0.75 | 0.44 | 0.63 | 0.49 | 2.297 | 1.66 | 0.000 |
| 7 | 0.83 | 0.38 | 0.42 | 0.50 | 3.516 | 1.66 | 0.000 |
| 8 | 0.83 | 0.38 | 0.63 | 0.49 | 2.749 | 1.66 | 0.000 |
| 9 | 0.79 | 0.41 | 0.71 | 0.46 | 2.332 | 1.66 | 0.000 |
| 10 | 0.88 | 0.34 | 0.46 | 0.51 | 1.393 | 1.66 | 0.006 |
| 11 | 0.75 | 0.44 | 0.67 | 0.48 | 3.115 | 1.66 | 0.000 |
| 12 | 0.79 | 0.41 | 0.67 | 0.48 | 2.592 | 1.66 | 0.000 |
| 13 | 0.88 | 0.34 | 0.63 | 0.49 | 1.719 | 1.66 | 0.001 |
| 14 | 0.92 | 0.28 | 0.58 | 0.50 | 3.419 | 1.66 | 0.000 |
| 15 | 0.83 | 0.38 | 0.50 | 0.51 | 2.491 | 1.66 | 0.000 |
| 16 | 0.83 | 0.38 | 0.71 | 0.46 | 2.234 | 1.66 | 0.000 |
| 17 | 0.75 | 0.44 | 0.63 | 0.49 | 0.982 | 1.66 | 0.040 |
| 18 | 0.79 | 0.41 | 0.58 | 0.50 | 2.332 | 1.66 | 0.000 |
| 19 | 0.83 | 0.38 | 0.79 | 0.41 | 2.156 | 1.66 | 0.000 |
| 20 | 0.67 | 0.48 | 0.46 | 0.51 | 2.297 | 1.66 | 0.000 |
| 21 | 0.92 | 0.28 | 0.38 | 0.49 | 3.516 | 1.66 | 0.000 |
| 22 | 0.92 | 0.28 | 0.71 | 0.46 | 1.719 | 1.66 | 0.001 |
| 23 | 0.83 | 0.38 | 0.29 | 0.46 | 3.750 | 1.66 | 0.000 |
| 24 | 0.75 | 0.44 | 0.29 | 0.46 | 4.294 | 1.66 | 0.009 |
| 25 | 0.96 | 0.20 | 0.75 | 0.44 | 2.983 | 1.66 | 0.000 |
| 26 | 0.88 | 0.34 | 0.38 | 0.49 | 5.153 | 1.66 | 0.000 |

### 3-1-4-3پەیوەندی برگەکان بە پێوەرەکەوە

ئەم شێوازە بۆدیاریکردنی گونجانی برگەی پێوەر لەگەڵ هەموو پێوەرەکە پشتی پێدەبەستریێت بەپشت بەستن بە دەرهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسن بۆ هەربرگەیەک لەگەڵ نمرەی گشتی برگەکان بەهای کە بەهاکانیان لە نێوان (0.83 – 0.576) بوو بەمشێوەیە سەرجەم برگەکانی بەڵگەداری ئاماریان هەیە، چونکە بە پێی پێوەری ئیبل هەر برگەیەک کە هاوکۆلکەی پەیوەندیەکەی کەمتر 970وول ە 12، ٠ بە ڕەتکراوە دادەنرێت وە ئەگەر بەرزتر بوو لەوە بە پەسەند دادەنرێت.

خشتەی (11) پەیوەندی برگەکە بە پێوەرەکەوە

| برگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی بە پێوەرەکەوە | بەهای بەڵگەداری | برگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی بە پێوەرەکەوە | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.23$^{*}$ | 0.046 | 14 | .480$^{**}$ | 0.00 |
| 2 | .422$^{**}$ | 0.001 | 15 | .359$^{**}$ | 0.00 |
| 3 | 0.83 | 0.99 | 16 | .267$^{*}$ | 0.03 |
| 4 | .310$^{**}$ | 0.009 | 17 | 0.20166 | 0.09 |
| 5 | .368$^{**}$ | 0.002 | 18 | .309$^{**}$ | 0.01 |
| 6 | .313$^{**}$ | 0.008 | 19 | .278$^{*}$ | 0.02 |
| 7 | .469$^{**}$ | 0.001 | 20 | .290$^{*}$ | 0.01 |
| 8 | .311$^{**}$ | 0.009 | 21 | .444$^{**}$ | 0.00 |
| 9 | .318$^{**}$ | 0.007 | 22 | 0.312$^{*}$ | 0.09 |
| 10 | .309$^{**}$ | 0.009 | 23 | .391$^{**}$ | 0.00 |
| 11 | .368$^{**}$ | 0.002 | 24 | .507$^{**}$ | 0.00 |
| 12 | .326$^{**}$ | 0.006 | 25 | .336$^{**}$ | 0.00 |
| 13 | 0.213 | 0.076 | 26 | 0.576$^{**}$ | 0.00 |

### 4-1-4-3 جێگیریی پێوەر (ثبات المقياس) (Scale Reliability)

بە یەکێك لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئامرازی توێژینەوە دادەنرێت کە بەرلەوەی ئامرازەکە پراکتیزە وجێبەجێ بکرێت لە بونی خەسڵەتی جێگریی دڵنیابووین (بۆکانی، 2020 :156). بۆجێگیریی پێوەر توێژەر پشتی بەم ڕێگایانەی خوارەوە بەستووە:

1. ڕێگەی دووبارە کردنەوە (طريقة اعادة الاختبار): توێژەر ڕێگایی دووبارکردنەوە بەکارهێناوە، دوای جێبەجێکردنی پێوەرەکە بەسەر (90) منداڵ دا جیا لە نموونەی توێژینەکە و دوای تێپەڕبونی (14) ڕۆژ دووبارە پێوەرەکە بەسەر هەمان کۆمەڵە منداڵ دا دابەشکرایەوەو دواتر پەیوەندی لە نیوان ئەنجامەکانی یەکەمجار و دووەمجار لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسن (person) دەرهێنرا، دەرکەوت کە بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەمجار و دووەمجار بریتیە لە (0.735) کە ئاماژەیە بۆ پەیوەندێکی بەهێزی جێگیری پێوەرەکە.
2. بەکارهێنانی هاوکۆلکەکانی (گۆتمان و سپێرمان-براون): : هەر یەك لە هاوکۆڵکەکانی (گۆتمان) بەبەهای (0.864) و (سپێرمان-براون) بە بەهای (0.866) نیشانی دەدەن کە جێگیری برگەکانی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدا خراوەتەڕو.

خشتەی ( 12) خستنەڕووی ئەنجامی جێگیریی پێوەرەکە

| ژمارەی برگە | هاوکۆلکە | بەها |
|---|---|---|
| 26 | پیرسن | 0.735 |
| 26 | گۆتمان بەشکردنی نیوەی | 0.864 |
| 26 | سپێرمان- براون | 0.866 |
| 26 | کرۆنباخ ئەلفا | 0.773 |

### 1. بەکارهێنانی کرونباخ الفا (معامل کرونباخ الفا)

بە پشت بەستن بە ئەنجامی شیکردنەوەی دەری دەخات بەهای (کرونباخ الفا) بەشێوەیەکی گشتی (0.773) بۆ سەرجەم بڕگەکانی توێژینەوەکە بەڵام بۆ زانینی ئاستی جێگیری بڕگەکان بەهای (کرونباخ الفا) بۆ گشـــت بڕگەکان دەرهێنراو دەرکەوت کە ســـەرجەم بڕگەکان بەهاکانیان زیاترە لە (0.7) و ئەمە جێگیری تەواوی بڕگەکان دەردەخات ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ( 13) بەهای "کرونباخ الفا " بۆ گشت بڕگەکان

| برگە | پلەی ناوەند گەر برگەکە لابرا | پلەی گۆڕان گەر برگەکە لابرا | ڕاستکردنەوەی برگە-کۆی پەیوەستی | کرۆنباغ ئەلفا- گەر برگەکە لابرا |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 17.3750 | 14.282 | 0.127 | 0.786 |
| 2 | 17.4167 | 13.993 | 0.332 | 0.771 |
| 3 | 17.5208 | 15.191 | 0.06 | 0.794 |
| 4 | 17.5833 | 13.652 | 0.194 | 0.782 |
| 5 | 17.4583 | 14.551 | 0.265 | 0.776 |
| 6 | 17.5000 | 14.511 | 0.196 | 0.782 |
| 7 | 17.5625 | 13.741 | 0.374 | 0.767 |
| 8 | 17.4583 | 14.764 | 0.201 | 0.781 |
| 9 | 17.4375 | 15.060 | 0.217 | 0.78 |
| 10 | 17.5208 | 13.574 | 0.205 | 0.781 |
| 11 | 17.4792 | 14.851 | 0.263 | 0.776 |
| 12 | 17.4583 | 14.424 | 0.223 | 0.779 |
| 13 | 17.4375 | 14.422 | 0.107 | 0.788 |
| 14 | 17.4375 | 14.209 | 0.393 | 0.766 |
| 15 | 17.5208 | 13.787 | 0.254 | 0.777 |
| 16 | 17.4167 | 15.312 | 0.159 | 0.784 |
| 17 | 17.5000 | 15.191 | 0.079 | 0.792 |
| 18 | 17.5000 | 14.340 | 0.207 | 0.78 |
| 19 | 17.3750 | 15.133 | 0.167 | 0.784 |
| 20 | 17.6250 | 14.495 | 0.172 | 0.784 |
| 21 | 17.5417 | 13.445 | 0.347 | 0.769 |
| 22 | 17.3750 | 14.622 | 0.081 | 0.79 |
| 23 | 17.6250 | 13.388 | 0.279 | 0.774 |
| 24 | 17.6667 | 13.716 | 0.403 | 0.762 |
| 25 | 17.3333 | 14.567 | 0.235 | 0.778 |
| 26 | 17.5625 | 13.485 | 0.489 | 0.756 |

### 2-4-3 ئامادەکردنی شانۆی بوکەڵە

#### 1. دەقی شانۆی بوکەڵە

توێژەر بۆ ئامادەکردنی دەقی شانۆیی بوکەڵە پشتی بەچەند ئامڕازێك بەستووە، لەوانە ( توێژینەوەکانی پێشـــوو، گۆڤاری منداڵان، چیرۆکی منداڵان، کتێبی شـــانۆیی منداڵان، ڕا وەرگرتنی کەســـانی پســـپۆڕ و شـــارەزا، پرۆگرامی خوێندنی باخچەی منداڵان).

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر (8) دەقی شانۆیی ئامادەکرد، کە لەگەڵ تەمەنی منداڵاند بگونجێت، تا لەڕێگەیەوە بتوانێت کارامەییەکانی ژیان لەڕووی (یەکە جەســـتەیی و نیشـــتیان )بە منداڵان بگەیەنێت ، توێژەر چیرۆکی (خواردنی ســـەردانەپۆشراو)ی (عزاوي، احمد، 2002 :287 - 288) لەزمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەتە ســـەر زمانی کوردی و ســـــەرجەم چیرۆکەکانی تر کە ژمارەیان (7) چیرۆکە، توێژەر خۆی ئـامـادەیکردوون وەك چیرۆکـەکانی (ڕێزگرتن لە کات، زوو نووســـتن و زوو لەخەوهەســـتان، خۆپاریزی لە ســەرما، میوەکان و ســوودەکانیان، ئاڵای کوردســتان، سروشــتی نیشــتمان، نەورۆز)، پاشـان توێژەر لەڕێگەی نمایشی بوکەڵەوە چیرۆکەکانی

بۆ منداڵان گێڕاوەتەوە، دوای ئەوەی توێژەر دەقە شانۆییەکانی خستنە بەردەستی شارەزاو پسپۆڕان، دوای تێبینی و سەرنجیان چیرۆکی (هەستەورەکان) لابران و سەرجەم چیرۆکەکانیتر کە ژمارەیان (7) چیرۆك بوو، وەکو خۆیان مانەوە.

خشتەی (14) دەقە شانۆییەکان

| دەقی شانۆ | بابەت |
|---|---|
| دەقی یەکەم | خۆپارێزی لە سەرما |
| دەقی دووەم | زوو لەخەو هەستان |
| دەقی سێیەم | خواردنی سەردانەپۆشراو |
| دەقی چوارەم | ڕێزگرتن لە کات |
| دەقی پێنجەم | میوەکان و سوودەکانیان |
| دەقی شەشەم | ئاڵای کوردستان |
| دەقی حەوتەم | سروشتی کوردستان |
| دەقی هەشتەم | نەورۆز |

توێژەر دەقە شانۆییەکانی خستە بەردەم (9) شارەزا و پسپۆر لە بوارەکەدا، تا ڕەزامەندی لەسەر بڕگەکان وەربگرێت، هەر دەقێکی شانۆیی لە (5) بڕگە پێکهاتبوو، دوای گەڕانەوەی لای شارەزایان و تێبینییەکانیان لەسەر بڕگەکان، دەرکەوت کە سەرجەم بڕگەکان لە ئاستی ئاماریی بەڵگەداریدان، .

خشتەی (15) ئاستی ئاماریی بەڵگەداریی بڕگەکانی دەقە شانۆییەکان

| بڕگەکان | | ڕەزامەند | | نارەزامەند | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شیاو | نەشیاو | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | کۆی | کا(2) | پلەی ئازادی | بەهای | ئاستی بەڵگەداری |
| -1 -2 -3 5 | 4 | 8 | 88.89 | 1 | 11.11 | 9 | 5.444 | 1 | 3.84 | بەڵگەدا |
| -1 -2 -3 -4 5 | | 9 | %100 | | %0.00 | 9 | 9.000 | 1 | 3.84 | بەڵگەدا |
| -1 -2 -4 5 | 3 | 8 | %100 | 1 | 11.11 | 9 | 5.444 | 1 | 3.84 | بەڵگەدا |
| -1 -2 -3 -4 5 | | 9 | %100 | | %0.00 | 9 | 9.000 | 1 | 3.84 | بەڵگەدا |
| -1 -2 -3 -4 5 | | 9 | %100 | | %0.00 | 9 | 9.000 | 1 | 3.84 | بەڵگەدا |
| -1 -2 -3 -4 | 5 | 8 | 88.89 | 1 | 11.11 | 9 | 5.444 | 1 | 3.84 | بەڵگەدا |
| -2 -3 -4 5 | 1 | 8 | 88.89 | 1 | 11.11 | 9 | 5.444 | 1 | 3.84 | بەڵگەدا |
| -1 -2 -3 -4 5 | | 9 | %100 | | %0.00 | 9 | 9.000 | 1 | 3.84 | بەڵگەدا |

خشت ( 15) ئاستی ئاماریی بەڵگەداریی بڕگەکانی تایبەت بە دەقە شانۆییەکان دەخاتەڕوو، دوای وەرگرتنی (شیاو نەشیاوی) بڕگەکان لەلایەن شارەزایان و پسپۆڕانەوە، دەرکەوت کە سەرجەم بڕگەکانی تایبەت بە دەقە شانۆییەکان لە ئاستی ئاماریی بەڵگەداریدان، گونجاون بۆ جێبەجێکردن لە نمایشی شانۆی بوکەڵەدا.

2. دروستکردنی ئامڕازەکانی شانۆی بوکەڵە

بۆ دروستکردن و ئەنجامدانی شانۆی بوکەڵە، توێژەر چەند ئامڕازێکی لە دروستکردنی شانۆی بوکەڵەدا بەکارهێناوە، وەك لە خشتەی (16)دا خراوەتەڕوو:

خشتە(16) دروستکردنی ئامڕازەکانی شانۆی بوکەڵە

| ئامڕازەکان | جۆری ئامڕازەکە |
|---|---|
| ئەو ئامڕازانەی کە توێژەر خۆی دروستیکردوون | بوکەڵەی دەستکێش |
| | بوکەڵەی دار |
| | دیزانی هۆڵی شانۆ |
| | پەردە |
| | جلوبەرگ |
| ئەو ئامڕازانەی کە توێژەر وەریگرتوون | بڵندگۆ (سپیکەر) |
| | ڕووناکی |
| | تەختەی شانۆ |
| | ئاڵا |
| | درەخت |
| | بوکەڵە |
| | مۆسیقا |

### 3-4-3 ئامادەکردنی پلانی ڕۆژانە

1. پلان بریتییە لە کۆمەڵێك هەنگاوی پێشبینیکراوی عەقڵی بۆ ئەو کارامەیی‌و چالاکیانەی پێویستە لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ئەنجامبدرێن، یان جێبەجێ بکرێن لەکات‌و شوێنی دیاریکراو، بۆ

بەرجەســـتەکردنی ئامانجە دیاریکراوەکان، بەبەکارهێنانی ســـوود بینین لە هۆکارو ئـامرازو تەکنەلۆژیای فێرکاری بە کەمترین هەوڵو تێچوون. (حەمەدەمین، 2018 :26) توێژەر لەبەرئەوەی وانەکانی یەکەی جەستەیی و یەکەی نیشـــتمان و جێبەجێکردنی شـــانۆی بوکەڵەی هەبووە، بۆیە بەپێویســـتی زانیوە کە دووجۆر پلان دابڕێژێت و ئامادەی بکات، بۆ وتنەوەی وانەی یەکەی جەستە توێژەر (8) پلانی ڕۆژانەی ئامادەکردووە، هەروەها بۆ وتنەوەی وانەی یەکەی نیشتمان بەهەمان شێوە (12) پلانی ڕۆژانەی ئامادەکردووە، دانانی ئەم دووجۆرە لەپلان بۆ یەکەی جەستەیی و یەکەی نیشـــتمان تایبەتبوون بە گروپی (کۆنترۆڵکراو)، بەڵام پلانی تایبەت بە گروپی ( ئەزمونی) کە بریتیە لە پلانی دەقە شـــانۆییەکان، توێژەر (8) پلانی ئامادەکراووە تا لەڕێگەیەوە چۆنیەتی خســـتنەڕووی دەقەشانۆییەکان بخاتەڕوو لەڕێگەی شانۆی بوکەڵەوە.

2. شـیکردنەوەی بابەتی خوێندن بەپێی ئەو دووبابەتی داریکراوبوو ئەو یش بابەتی (یەکەی جەســـتەیی و یەکەی نیشـــتمان)ە، پاشـــان توێژەر (85) ئامانجی دانا لەســـەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان، پێوەرێکی (26) برگەیی لێ دروست کرد کە خۆی لە سێ ئاستدا دەبینێتەوە.

سەبارەت بە پۆلێنکردنی ئاستەکانی (یادکردنەوە، جێبەجێکردن، تێگەیشتن)ی پێوەری وێنـەیی، بە پێی هـەرەمـەکـەی (بلوم – Blum) وەك لە هێلکاریی (1)دا خراوەتەڕوو، پاش وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕان لەسـەر پرسیاری ئاستەکان، وەکو خۆیان مانەوە، وەك لە خشتەی (17)دا خراوەتەڕوو.

هێلکاریی (1) ئاستەکانی ئامانجی بواری مەعریفی بەپێی پلەبەندی بلۆم




سەرچاوە: (سیوەیلی، 2021 :54)

خشتەی (17) خستنەڕووی جۆری پرسیارەکانی ئاستەکانی پێوەری وێنەیی بۆ پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان

| جۆری پرسیاری ئاستەکان | ژمارە پرسیارو ئاستەکان |
|---|---|
| یادهێنانەوە | 8 |
| تێگەیشتن | 14 |
| جێبەجێکردن | 4 |
| کۆ | 26 |

خشتەی (17) خستنەڕووی جۆری پرسیارەکانی ئاستەکانی پێوەریی وێنەیی بۆ پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان ڕوندەکاتەوە، ئاســـتی (یادهێنانەوە) ژمارەی پرسـیارەکانی بریتییە لە (8) پرسـیار و ئاستی تێگەیشتن خۆی لە (14) پرسـیاردا دەبینێتەوە، هەروەها ئاسـتی جێبەجێکردن پرسـیارەکانی بریتین لە (4) پرسـیارە کە سـەرجەمیان دەکاتە (26) برگە. بۆ ئەم مەبەسـتەش توێژەر پشـتی بەسـتووە بە خشـتەیەکی بەشـەوانەی هەفتانە کە لە لایەن دەسـتەی کارگێڕی (باخچەی منداڵانی ترێ)وە دانراوە.

خشتەی (18)دیاریکردنی بەشەوانەکانی (یەکەی جەستەیی و شانۆ ) لە دوو هەفتەدا

| ڕۆژەکانی هەفتە | وانەی یەکەم ژووری | وانەی یەکەم ژووری یاری | وانەی دووەم ژووری | وانەی دووەم ژووری یاری | وانەی سێیەم ژووری | وانەی سێیەم ژووری یاری | وانەی چوارەم ژووری | وانەی چوارەم ژووری یاری | وانەی پێنجەم ژووری | وانەی پێنجەم ژووری یاری | وانەی شەشەم ژووری | وانەی شەشەم ژووری یاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شە | کور | | زانست | کورد | | زان | | | | ش | | |
| 1 | | ش | | کور | بیر | | کور | بیر | | | | |
| 2 | | بیر | زان | | کور | | | کور | | | | ش |
| 3 | کور | | بیرکا | زان | | ش | | کور | | | | |
| 4 | | کور | | بیرکا | | | | | بیر | | کور | |
| 5 | کور | | زان | | | زان | | | | کور | | |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی بەشەوانەکانی خوێندن لە باخچەی منداڵانی ترێ.

### 3-4-4 دیاریکردنی بابەتی خوێندن

دیاریکردنی هەریەك لە یەکەی جەستەیی و یەکەی نیشتمان، بۆ خوێندنی ساڵی (2021 – 2022) لە باخچەی منداڵانی ترێ، ســـەبارەت بەو بابەتانەی کە بۆ خوێندن و دیاریکردنی (یەکەی جەستەیی و یەکەی نیشتمان) دیاریکران، کە لە دوو بابەتی کۆتایی کە هەرسێ وانەی (زانست و کوردی و بیرکاری)دا یەکەی جەستەیی و نیشـــتمانی لە خۆگرتووە وەرگیراوون و لەو ماوەیەدا توێژەر ئەرکی توێژینەوەکەی لەسەر جێبەجێکردووە، وەك لە خشتەی (18)دا خراوەتەڕوو.

ســـەبارەت بە پەرتوکی خوێندنی باخچەی منداڵان بۆ وانەکەکانی (یەکەی جەستە) بڕیار لەسەر پەرتوکی (شارەزایی و چالاکییەکان بۆ منداڵانی باخچە - ئاستی دووەم ) دراوە لە هەرێمی کوردســتان – عێراق، چاپی (سـێیەم) سـاڵی (2019). بۆ وتنەوەی وانەی (یەکەی جەسـتە) بابەتی کۆتایی لەسـەر یەکەی جەسـتە وەرگیراوە، هەروەها بۆ وتنەوەی وانەی (یەکەی نیشـتمان) بابەتی کۆتایی لەسـەر یەکەی نیشـتمان وەرگیراوە، وەك لە خشەی( 19) ڕوونکراوەتەوە و خراوەتەڕوو.

خشتەی (19) دیاریکردنی ناوی بەش و بابەت و ژمارەی لاپەڕەی بابەتی خوێندن

| یەکە | بابەت | ژ.لاپەڕەکان |
|---|---|---|
| یەکەی نیشتمان | نیشتمانەکەم ناوی هەرێمی کوردستانە<br>ئاڵاکەم چوار ڕەنگە سور، سپی، سەوز، زەرد<br>شارەگەورەکانی هەرێمی کوردستان<br>سروشتی هەرێمی کوردستان<br>ناوی (شار/ شارۆچکە/ گوند)<br>ناوی پارێزگاکەم<br>شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان<br>پیشەکان<br>بۆنەو جەژنەکان | 111-76 |
| یەکەی جەستە | ڕاهێنانەکانی بەهێزی جەستە<br>گەشەکردنی مرۆڤ<br>پاکوخاوێنی<br>هەستەکانم | 145 - 112 |

خشـــتەی (19 )ناوی یەکەو و بابەت و ژمارەی لاپەڕەکانی پەرتوکی خوێندنی تایبەت بە یەکەی جەستەو یەکەی نیشتمان ڕووندەکاتەوە، یەکەی نیشتمان کە لە (9) بابەت پێکهاتووە کە یەکەی نیشتمان لەخۆدەگرن و ژمارەی لاپەڕەکانی (36) لاپەڕەیە، هەروەها یەکەی (جەســـتە) کۆی بابەتەکانی بریتییە لە (4) بابەت، کە یەکەی جەستەیی لەخۆدەگرن و ژمارەی لاپەڕەکانی بریتین لە (33) لاپەڕەیە.

3-4-3 دیاریکردن و دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان

ئامانجە رەفتارییەکان ڕێکارییەکانی وانەوتنەوە لەخۆدەگرێت لەڕێگەی ئامرازە فێرکارییەکانەوە کە مامۆســـتا دەتوانێت پێوەی پابەند بێت لەگەڵ چالاکی و ئامرازە فێرکارییەکان لەپێناو جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی ئامانجە رەفتارییەکان، (سالم، 1998 :36)

لەبەر گرنگی ئـامـانجـە رەفتـارییـەکان لە پرۆســـەی فێربوونـدا، توێژەر بۆ جێبـەجێکردنی ئـەزموونـەکەو دروســـتکردنی تاقیکردنەوە و ئـامـادەکردنی پلانێکی وانەوتنەوەی ڕاست و دروست، پێویست بوو ئامانجە رەفتارییەکان بەشێوەیەکی ورد دیاربیکات، هەربۆیە توێژەر (85) ئامانجی رەفتاری دیاریکرد تایبەت بە بابەتەکانی خوێندن و یەکەی جەســـتەیی و یەکەی نیشـــتمان، توێژەر ئامانجە ڕەفتارییەکانی بەشێوەیەکی سەرەتایی خستە بەر دەستی (9) شارەزاو پسپۆری ، دوای دیاریکردنی (شیاو نەشیاوی) بڕگەکان پسپۆڕان هەندێك لە برگەکانیان لابرد، وەك لە خشتەی (20)دا خراوەتەڕوو.

خشتە(20) خشتنەڕووی شیاوی و نەشیاوی بڕگەکانی تایبەت ئامانجەڕەفتارییەکان

| برگ هك ان | رەزامەند | | نارەزامەند | | | | پلەی ئازاد | بەهای خشتەیی | ئاستی بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ی شارەزایان | 2(کا) | | | |
| 1 -1 -12 -13 15 | 4 | %44.4 | 5 | 55.5 %6 | 9 | 0.111 | 1 | 3.48 | بەڵگە دار نییەی |
| 3 -5 -36 -37 38 | 4 | %44.4 | 5 | 55.5 %6 | 9 | 0.111 | 1 | 3.48 | بەڵگە دار نییەی |
| 6 -5 -67 69 | 3 | %33.3 | 6 | 66.6 %7 | 9 | 1.000 | 1 | 3.48 | بەڵگە دار نییەی |
| 7 -0 -71 -72 -73 -74 -75 -81 -82 84 | 4 | %44.4 | 5 | 55.5 %6 | 9 | 0.111 | 1 | 3.48 | بەڵگە دار نییەی |

خشـــتەی (20)ڕای شـــارەزایان ڕووندەکاتەوە لەســـەر بڕگەکانی تایبەت بە دیاریکردنی ئامانجە رەفتارییەکان، ئەو بڕگانەی کە شـــیاو نەبوون بریتیبوون لە (20) برگە، برگەکانی (11-12-13-15) لە کۆی (9) شـــارەزا (5) شـــارەزاو پســـپۆڕ ئەم چوارپرگەیەیان بە نەشـــیاو دانا کە ڕێژەکەی دەکاتە (55.56%)، هەر بۆیە توێژەر لە خشـــتەی ئامانجە رەفتارییەکان لایبردوون، هەروەها برگەکانی (35-36-37-38) ئەو برگـانـەبوون کە ڕێژەی ڕەزامـەنـدی شـــارەزایان بریتیبوو لە (44.44%) و ڕێژەی نارەزامەندی شـــارەزایان بریتیبوو لە (55.56%)، هەر بۆیە توێژەر ئەو برگانەشی لابرد، هـەروەهـا برگـەکانی (65 – 67 – 69) ڕێژەی ڕەزامـەنـدیـان بریتبوو لە (33.33%) و ڕێژەی نارەزامەندی شـارەزایان بۆ ئەو برگانە بریتبوو لە (66.67%)، هەر بۆیە توێژەر ئەو برگانەشی لابرد، برگەکانی (70-71-72-73-74-75-81-82-84) ڕێژەی ڕەزامەندی لای شـــارەزایان بریتیبوو لە (44.44%) و نارەزامەندی شـارەزایان بۆ ئەو برگانە بریتیبوو لە (44.44%)، توێژەر ئەو برگانەشی لابرد، ئەوەی کە ماوەتەوە لە دیاریکردنی ئامانجە رەفتارییەکان توێژەر لە فۆرمێکدا ئامادەیکرد بۆ دیاریکردنی ئاستەکانی برگەکانی پێوەری وێنەیی.

## 3-5 جێبەجێکرنی پێوەری توێژینەوەکە

توێژەرلە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٣)دەســـتی کرد بەجێبەجێکردنی پێوەری توێژینەوەکەی بەســـەر نموونەی توێژینەوەکەیدا، کە پێکهاتبوون لە منداڵانی باخچەی

(ترێ) لە شاری سلێمانی، پێکهاتبوون لە دووگروپ گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو کە ژمارەیان (46) منداڵ بوو لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ، پاشان ئەنجامدانەکە لەبەرواری (٢٠٢٢/٤/٢٠) کۆتای پێهات.

باسی سێیەم: خستنەڕووی ئەنجام و ڕاڤەو شیکردنەوەیان

**1-4 ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

ئەم بەشە پێکدێت لە خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەبەر رۆشنایی ئەو گریمانانەی کە توێژەر لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەیدا گریمانەی کردووە سەبارەت بە کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە، جێبەجێکردنیان بەسەر هەردوو گروپی کۆنترۆڵکراوو ئەزموونی، پاشان لەکۆتایدا دەرەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیاز خراونەتەڕوو.

4-1-1 گریمانەی یەکەم: جیاوازی ئاماری لە سەر ئاستی بەڵگەداریی (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گرووپی ئەزموونی نییە، لە تاقیکردنەوەی کارامەیەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لە شانۆی بوکەڵەدا.

توێژەر لەڕێگەی هاوکۆلکەی ئامارییەوە ئامادەکاریی کرد بۆ دۆزینەوەی داتا ئامارییەکانی (ناوەندی ژمێرەیی – الوسط الحسابي) و لادانی پێوەریی – الانحراف المعياري – دۆزینەوەی نرخی (ت) بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گرپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t-test) ئەویش بۆ دۆزینەوە ی دوونموونەی پەیوەندیدار بەیەکەوە، وەك لە خشتەی (21)دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (21) ئەنجامی (t-test) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەیی گروپی ئەزموونی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا

| گروپەکان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تا | | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| ئەزمون پێش شانۆ | 15.39 | 4.09 | 22 | 6.54 | 2.074 | 0.001 |
| ئەزمون دوای شانۆ | 21.30 | 1.66 | | | | |

بۆ سەلماندی ئەم گریمانەیە توێژەر جیاوازی نێوان هەردوو گروپی ئەزمونی دوای ئەوەی کە شانۆی بۆکەڵەیان بۆ نمایشکراوە لەگەڵ گروپی کۆنترۆڵکراو کە شانۆی بوکەڵەیان بۆ نەکراوە، لەرێگەی هاوکێشەی (تا) وە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی ئاماری لە نێوان گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆلکراودا بە پێی بەهای بەڵگەداری (0.001)هەیەکە بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) هەروەها نرخی تای هەژمارکراو (6.54) گەورەترە لە نرخی تای خشتەیی (2.074) بە نمرەی ئازادی (22)، کەواتە جیاوازی ئاماری بوونی هەیە لە نێوان گروپی ئەزمونی (پێش شانۆ و دوای شانۆ) لەسەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی دوای شانۆ، چونکە ناوەندە ژمێرەیی گروپی ئەزمونی دوای شانۆ (21.30) گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی گروپی ئەزموونی پێش شانۆ (15.39).

4-1-2 گریمانەی دووەم: جیاوازی ئاماری لە سەر ئاستی بەڵگەداریی (0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گروپی (کۆنترۆڵکراو) لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدانییە

توێژەر لەڕێگەی هاوکۆلکەی ئامارییەوە ئامادەکاریی کرد بۆ دۆزینەوەی داتا ئامارییەکانی (ناوەندی ژمێرەیی – الوسط الحسابي) و لادانی پێوەریی – الانحراف المعياري – دۆزینەوەی نرخی (T) بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t-test) ئەویش بۆ دۆزینەوە دوونموونەی پەیوەندیدار بەیەکەوە، وەك لە خشتەی (22)دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (22) ئەنجامی (t-test) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەییگروپی ئەزموونی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا

| گروپی کۆنترۆڵکراو و کۆنترۆڵکراو | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تا | | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| تاقیکردنەوەی پێشەکی | 15.2609 | 2.17877 | 22 | 13.63 | 2.074 | 0.001 |
| تاقیکردنەوەی پاشەکی | 20.7391 | 1.98213 | | | | |

بۆ سەلماندی ئەم گریمانەیە توێژەر جیاوازی نێوان هەردوو گروپی ئەزمونی دوای ئەوەی کە شانۆی بوکەڵەیان بۆ نمایشکراوە لەگەڵ گروپی کۆنترۆڵکراو کە شانۆی بوکەڵەیان بۆ نمایشنەکراوە بەو پێیەی کە تائی هەژمارکراو گەورەترە لە تائی خشتەیی، کەواتە جیاوازی تاقیکردنەوەی پێشەکی و تاقیکردنەوەی پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو هەیە، بەو پێیەی کە ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشەکی (20.7391) گەورەترە لە تاقیکردنەوەی پێشەکی (15.2609) دەردەکەوێت کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکییە بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو.

4-1-3 گریمانەی سێهەم: جیاوازی ئاماری لە سەر ئاستی بەڵگەداریی (0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گروپی (ئەزموونی) بەپێی رەگەز ، لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدانییە.

1. کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی رەگەز بۆ گروپی ئەزموونی.

توێژەر لەڕێگەی هاوکۆلکەی ئامارییەوە ئامادەکاریی کرد بۆ دۆزینەوەی داتا ئامارییەکانی (ناوەندی ژمێرەیی – الوسط الحسابي) و لادانی پێوەریی – الانحراف المعياري – دۆزینەوەی نرخی (ت) بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گرپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا، بە

بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t-test) ئەویش بۆ دۆزینەوە دوونموونەی پەیوەندیدار بەیەکەوە، وەك لە خشتەی(23)دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (23 ئەنجامی (t-test) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەیی کاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | دووبارە | گروپی ئەزمونی | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای تا: هەژمارکراو | بەهای تا: خشتەی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 11 | پێش شانۆ | 15.364 | 4.154 | 4.796 | 2.228 | 0.001 |
| | 11 | دوای شانۆ | 21.636 | 1.286 | | | |
| مێ | 12 | پێش شانۆ | 15.417 | 4.209 | 4.296 | 2.201 | 0.010 |
| | 12 | دوای شانۆ | 21 .000 | 1.954 | | | |

خشتەی (23) کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ڕووندەکاتەوە، بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە توێژەر جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێری پێش شانۆ و دوای شانۆ دەخاتەڕوو ئەویش دوای ئەوەی کە شانۆی بۆکەڵەی بۆ نمایشکراوە، ئەنجامی شیکاریی ئەم داتایانە لەڕێگەی هاوکێشەی (تا) وە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ڕەگەزی نێر لە گروپی ئەزموونی پێش شانۆ و دوای شانۆهەیە، جیاوازی ئاماری بۆ بە پێی بەهای بەڵگەداری (0.001) کە بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) هەروەها نرخی تای هەژمارکراو (4.796) گەورەترە لە نرخی تای خشتەیی (2.228)، کەواتە جیاوازی ئاماری بوونی هەیە بۆ گروپی ئەزمونی ڕەگەزی نێر (پێش شانۆ و دوای شانۆ) لەسەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی دوای شانۆ، چونکە ناوەندە ژمێرەیی گروپی ئەزمونی ڕەگەزی نێر دوای شانۆ (21.636) گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی گروپی ئەزموونی ڕەگەزی نێر پێش شانۆ (15.364).

توێژەر جیاوازی نێوان ڕەگەزی مێی پێش شانۆ و دوای شانۆ دەخاتەڕوو ئەویش دوای ئەوەی کە شانۆی بۆکەڵەی بۆ نمایشکراوە، ئەنجامی شیکاریی ئەم داتایانە لەڕێگەی هاوکێشەی (تا) وە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی ئاماری هەیە بۆ ڕەگەزی مێ لە گروپی ئەزموونی پێش شانۆ و دوای شانۆ، بە پێی بەهای بەڵگەداری (0.001) کە بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) هەروەها نرخی تای هەژمارکراو (4.796) گەورەترە لە نرخی تای خشتەیی (2.201)، کەواتە جیاوازی ئاماری بوونی هەیە بۆ گروپی ئەزمونی ڕەگەزی مێ (پێش شانۆ و دوای شانۆ) لەسەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی دوای شانۆ، چونکە ناوەندی ژمێرەیی گروپی ئەزمونی ڕەگەزی مێ دوای شانۆ (21.000) گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی گروپی ئەزموونی ڕەگەزی نێر پێش شانۆ(15.417).

2. کاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکان ژیان لای منداڵانی باخچە لە گروپی ئەزموونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز:

توێژەر لەڕێگەی هاوکۆلکەی ئامارییەوە ئامادەکاریی کرد بۆ دۆزینەوەی داتا ئامارییەکانی (ناوەندی ژمێرەیی – الوسط الحسابي) و لادانی پێوەریی – الانحراف المعیاري – دۆزینەوەی نرخی (ت) بە بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t-test) ئەویش بۆ دۆزینەوە دوونموونەی پەیوەندیدار بەیەکەوە، وەك لە خشتەی (24)دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (24) ئەنجامی (t-test) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەیی کاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | گروپی ئەزمونی | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تا: هەژمارکراو | نرخی تا: خشتەی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | پێش شانۆ | 6.73 | 1.27 | 10 | 4.61 | 2.228 | 0.001 |
| | دوای شانۆ | 8.64 | 0.67 | | | | |
| مێ | پێش شانۆ | 5.92 | 1.51 | 11 | 6.99 | 2.201 | 0.001 |
| | دوای شانۆ | 8.75 | 0.62 | | | | |

خشتەی (24) کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکان ژیان لای منداڵانی باخچە ڕووندەکاتەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ، بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە توێژەر جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێری پێش شانۆ و دوای شانۆی گروپی ئەزموونی دەخاتەڕوو ئەویش دوای ئەوەی کە شانۆی بۆکەڵەی بۆ نمایشکراوە، ئەنجامی شیکاریی ئەم داتایانە لەڕێگەی هاوکێشەی (تا) وە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی ئاماری بۆ ڕەگەزی نێر لە گروپی ئەزموونی پێش شانۆ و دوای شانۆهەیە، بە پێی بەهای بەڵگەداری (0.001) کە بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) هەروەها نرخی تای هەژمارکراو (4.61) گەورەترە لە نرخی تای خشتەیی (2.228)، کەواتە جیاوازی ئاماری بوونی هەیە بۆ گروپی ئەزمونی ڕەگەزی نێر (پێش شانۆ و دوای شانۆ) لەسەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی دوای شانۆ، چونکە ناوەندە ژمێرەیی گروپی ئەزمونی ڕەگەزی نێر دوای شانۆ (8.64) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گروپی ئەزموونی ڕەگەزی نێر پێش شانۆ (6.73).

سەبارەت بە کاریگەریی شانۆ بۆ ڕەگەزی نێر لە سەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە، توێژەر جیاوازی نێوان ڕەگەزی مێی پێش شانۆ و دوای شانۆ دەخاتەڕوو ئەویش دوای ئەوەی کە شانۆی بۆکەڵەی بۆ نمایشکراوە، ئەنجامی شیکاریی ئەم داتایانە لەڕێگەی هاوکێشەی (تا) وە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی ئاماری بۆ ڕەگەزی مێ لە گروپی ئەزموونی پێش شانۆ و دوای شانۆهەیە، بە پێی بەهای بەڵگەداری (0.001) کە بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) هەروەها نرخی تای هەژمارکراو (6.99) گەورەترە لە نرخی تای خشتەیی (2.201)،

کەواتە جیاوازی ئاماری بوونی هەیە بۆ گروپی ئەزمونی ڕەگەزی مێ (پێش شـــانۆ و دوای شانۆ) لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمووونی دوای شانۆ، چونکە ناوەندی ژمێرەیی گروپی ئەزمونی ڕەگەزی مێ دوای شـــانۆ (8.75) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گروپی ئەزمووونی ڕەگەزی نێر پێش شانۆ (5.92).

4-1-4 گریمانەی چوارەم: جیاوازی ئاماری نییە لە ســـەر ئاســـتی بەڵگەداریی (0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گروپی (کۆنترۆڵکراو) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ، لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا.

توێژەر لەڕێگەی هاوکۆڵکەی ئامارییەوە ئامادەکاریی کرد بۆ دۆزینەوەی داتا ئامارییەکانی (ناوەندی ژمێرەیی – الوسـط الحسـابي) و لادانی پێوەریی – الانحراف المعیاری – دۆزینەوەی نرخی (ت) بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشـــەکی و پاشـــەکی منداڵانی گرپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شـــانۆی بوکەڵەدا، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t-test) ئەویش بۆ دۆزینەوە دوونموونەی پەیوەندیدار بەیەکەوە، و دیاریکردنی جیاوازی لەنێوان گروپەکانی کۆنترۆڵکراوی بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی تاقیکردنەوە، وەك لە خشتەی (25)دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (25) ئەنجامی (t-test) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەیی کاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو

| ڕەگەز | ژمارە | گروپی کۆنترۆڵکراو | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای تا | | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| نێر | 11 | پێش شانۆ | 15.0909 | 1.51357 | 4.796 | 2.228 | 0.13 |
| مێ | 12 | | 15.4167 | 2.71221 | | | |
| نێر | 11 | دوای شانۆ | 20.4545 | 1.36848 | 4.296 | 2.201 | 0.141 |
| مێ | 12 | | 21.0000 | 2.44949 | | | |

خشتەی (25) کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکان ژیان لای منداڵانی باخچە ڕووندەکاتەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ، بۆ سەلماندی ئەم گریمانەیە توێژەر جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێری پێش شانۆ و دوای شانۆی گروپی کۆنترۆڵکراو دەخاتەڕوو، ئەنجامی شـــیکاریی ئەم داتایانە لەڕێگەی هاوکێشـــەی (تائی)یەوەیە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی ئاماری هەیە بۆ ڕەگەزی نێر لە گروپی کۆنترۆڵ پێش شانۆ، بە پێی بەهای بەڵگەداری (0.005) هەروەها نرخی تای هەژمارکراو (4.796) گەورەترە لە نرخی تای خشـــتەیی (2.228)، کەواتە جیاوازی ئاماری بوونی هەیە بۆ گروپی کۆنترۆڵی پێش شانۆ لە بەرژەوەندی هەردوو ڕەگەز .

بەڵام بۆ گروپی کۆنترۆڵکراوی دوای شـــانۆ بەو پێیەی کە تائی هەژمارکراو (4.296) گەورەترە لە تائی خشـــــتەیی (2.201)، کەواتە جیاوازی هەیە لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ بۆ دوای شانۆ، بەو پێیەی کە ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی مێ گەورەترە (21.000) لە ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی نێر (20.4545)، جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ)یە.

4-1-5 گریمانەی پێنجەم: جیاوازی ئاماری نییە لە ســـــەر ئاســـــتی بەڵگەداریی (0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گروپی (کۆنترۆڵکراو و ئەزموونی) پاشـــەکی، لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا.

توێژەر لەڕێگەی هاوکۆڵکەی ئامارییەوە ئامادەکاریی کرد بۆ دۆزینەوەی داتا ئامارییەکانی (ناوەندی ژمێرەیی – الوسـط الحسـابي) و لادانی پێوەریی – الانحراف المعیاری – دۆزینەوەی نرخی (ت) بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی منداڵانی گرپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شـــانۆی بوکەڵەدا، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t-test) ئەویش بۆ دۆزینەوە دوونموونەی پەیوەندیدار بەیەکەوە، و دیاریکردنی جیاوازی لەنێوان گروپەکانی کۆنترۆڵکراو و گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشەکی، وەك لە خشتەی (26)دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (26) ئەنجامی (t-test) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پاشەکی کاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی بۆ هەردوو گروپی (کۆنترۆڵکراو و ڕەزموونی)

| گروپەکان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تا | | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| ئەزمون پاشەکی | 24.1304 | 1.48643 | 22 | 7.561 | 2.074 | 0.001 |
| کۆنترۆڵ پاشەکی | 20.7391 | 1.98213 | | | | |

خشتەی (26) کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکان ژیان لای منداڵانی باخچە ڕووندەکاتەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ، بۆ سەلماندی ئەم گریمانەیە توێژەر جیاوازی لە نێوان تاقیکردنەوەی پاشـــەکی گروپی کۆنترۆڵکراو و ئەزموونی دەخاتەڕوو، ئەنجامی شـــیکاریی ئەم داتایانە لەڕێگەی هاوکێشـــەی (تائی)یەوەیە، بەو پێیەی کە تائی هەژمارکراو (7.561) گەورەترە لە تائی خشـــــتەیی (2.074) کەواتە جیاوازی ئاماریی لەنێوان گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو دا لە تاقیکردەوەی پاشـەکی شانۆی بوکەڵە هەیە.

بەو پێیەی کە ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشـــەکی بۆ شـــانۆی منداڵان لە گروپی ئەزموونی (24.1304) گەورەترە لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ شانۆی منداڵان لە گروپی کۆنترۆڵکراو (20.7391)، ئەوە دەردەخات کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزمونییە.

**2-4 دەرئەنجام**

1. جیاوازی ئاماری لە نێوان گروپی ئەزمونی (پێش شـــانۆ و دوای شـــانۆ) لەســـەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی دوای شانۆهەیە .

2. جیاوازی هەیە تاقیکردنەوەی پێشـەکی و تاقیکردنەوەی پاشـەکی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشـــەکییە بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو.

3. جیاوازی ئاماری بوونی هەیە بۆ گروپی ئەزمونی رەگەزی نێر (پێش شانۆ و دوای شـــانۆ) لەســـەر کارامـەییـەکانی ژیان لای منـداڵانی باخچە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی دوای شـــانۆ. جیاوازی ئاماری بوونی هەیە بۆ گروپی ئەزمونی رەگەزی مێ (پێش شانۆ و دوای شانۆ) لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی دوای شانۆ.

4. جیاوازی ئاماری بۆ رەگەزی نێر لە گروپی کۆنترۆڵ پێش شـــانۆهەیە، جیاوازی ئاماری بۆ گروپی کۆنترۆڵی پێش شـانۆ لە بەرژەوەندی هەردوو رەگەز هەیە.

5. جیاوازی ئاماریی هەیە لەنێوان گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو دا لە تاقیکردەوەی پاشـــەکی شـــانۆی بوکەڵە. بەو پێیەی کە ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشـــەکی بۆ شـــانۆی منـداڵان لە گروپی ئـەزموونی (24.1304)گەورەترە لە تاقیکردنەوەی پاشـەکی بۆ شـانۆی منداڵان لە گروپی کۆنترۆڵکراو (20.7391)، ئەوە دەردەخات کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونییە.

3-4 راسپاردە

لەبەر رۆشنایی ئەو ئەنجامانەی سەرەوە توێژەر چەند ڕاسپاردەیەك دەخاتەڕوو، کە بریتین لە:

1. ئەنجامدانی وۆرکشـۆپ و سـیمینار بۆ مامۆسـتایانی باخچەی منداڵان، تا لەرێگەیەوە شـارەزاو ئاشـــنای چۆنییەتی بەکارهێنانی شـــانۆی بوکەڵەو گرنگییەکەی بن لەسەر منداڵان.

2. بەشـداریکردنی مامۆسـتایانی باخچەی منداڵان لە چالاکییە پەروەردەیی و شانۆییەکاندا، تا زیاتر ئاشنای شانۆ و شانۆی منداڵان بن.

3. بایەخدانێکی زۆر بە شـــانۆی بوکەڵە لە باخچەی منداڵاندا، گرنگیدان بە بواری مەعریفی و ئامانجی مەعریفی بۆ هەر ســێ ئاســـتی (زانین، تێگەیشتن، جێبەجێکردن).

سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوەی کوردی

1. ئەحمەد، کەیفی، (2018). شـانۆو شـانۆی منداڵان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاڵای رووناکی، تاران.

2. بۆکانی، ســـابر، (2020): میتۆدی توێژینەوەی زانســـتی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

3. عبدالقادر، کەیفی ئەحمەد ، (2018): شـــانۆ و شـــانۆی منداڵان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاڵای رووناکی، سلێمانی.

4. قـادر، رەمەزان حەمەدەمـین، (2020). دەروونـزانی و پەروەردەو گەشە، چاپخانەی سایە، سلێمانی.

سەرچاوەی عربی

5. بوضرغم، صـــابر، (2000): خطوات البحـث الاجتماعي، دار الافـاق الجديدة، بيروت.

6. جعارة، رضـــا "محمد علي" صـــالح، (2017) : المهارات الحياتية "الاداريه" لدي طلبة المرحلة الاساسيه العليا في المدارس الحكومية في محافظه نابلس من وجهة نظر المديرين و المعلمين، كلية العلوم التربوية، جامعة القدس، فلسطين .

7. الحوراني، محمود و سرحال، ويترا و العبيدي، محمد الياس و خليل، رضـــا، (2019). مسرح الدمي في لبنان: ظلال بددت العتمة، المؤسســـة العربية للمسرع الدمي والعراس، لبنان.

8. الدسـوقي، سمير عبدالمعليم، (2018): فاعلية برنامج مسرحـي عرائسي- في تنمية بعض الجوانب الشخصية الاجتماعية والاخلاقية لدى الطفل الروجة، رسالة ماجستير منشورة في مجله الطفولة المبكرة، العدد الثامن والعشرون.

9. ســـالم، حنان عبدالرحيم عبدالهادى، (2014) : فعاليه برنامج مقترح فى ضـــوء نموذج (H4-) فى تنميه المهارات الحياتية و عمليات العلم بمادة العلوم لدى طلبات الصف الثامن الاساسي بغزة،كلية التربية بالجامعة الاسلامية بغزة، فلسطين.

10. سـالم، مهدي محمود، (1998). الاهداف السـلوكية: تحديدها، مصـادرها، صياغتها، تطبيقاتها، ط3، دار العبيكات، الرياض.

11. شحاتة، حسن، (2013): رؤية مستقبلية في اعداد التربوي لطفل الروضة، المؤتمر الدولي الثالث (الســـنوي العاشر)، كلية رياض الاطفال، جامعة قاهرة.

12. الشمرى، هزاع عامر، و الصعيدى، وليد سليمان، (2017) : تقييم مدى توافر المهارات الحياتية في مناهج قســـم التربية البدنية بكلية التربية، جامعة الباحة، مجلة جامعة الباحة للعلوم.

13. صـــادق، امال و أبو حطب، فؤاد، ( 1994). علم النفس التربوى ط4، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.

14. الظاهر، علي جواد، (1970): منهج البحث الادبي، مطبعة العانية بغداد.

15. عباس، سامي عزيز و حاجم، محمد يوسف، (2011) ؛ منهج البحث العلمي المفهوم والاساليب والتحليل والكتابة ,(جامعة بغداد , جامعة ديالى.

16. العزاوي، رحيم يونس كرو، (2008): منهج البحـث العلمي، دار دجـل، المملكة الاردنية الهاشمية.

17. علاوي، محمد حســـن، (1994). علم التدريب الرياضي، ط13، بدون مطبعة، القاهره.

18. عمر، خالد، (1983): الوضـــعية والتحليل فى البحث الاجتماعي، دار الافاق الجديدة، بيروت.

19. قشـــوة، سمير( ٢٠٠٦ ).مسرحـ الطفل الحديث، دار الفرقد، دمشـــق، سوريا.

سێیەم: سەرچاوەی ئینگلیزی

1. Fredland, Nina M. (2015): "Nurturing healthy relationship through a community -based interactive theatre program "of Community Health Nursing, vol. 27, 8.

2. Guegnard, Christine (2012): "Girls and boys career representations in lower secondary school: The effect

of an interactive theatre plat" Orientation Scolaire et Professinally, vol. 31

چوارەم: نامەی ماستەر و دكتۆرا

1. ابتسام، شيبان، (2016): سيكولوجية الشخصية في المصرح الجزائري – مسرحية- ياقوت والخفاش لأحمد بودشيشة – انموذجا-، رسالة ماجستير في الادب العربي، قســـم اللغة والادب العربي، كلية الاداب واللغات، جامعة العربي بن مهيدي - ام البواقي، الجزائر.
2. باشى، امال، (2019). البناء الاجتماعي للمهن في الجزائر، دراسة سيوسيو – انثرولوجيية لحرفة الطرز التقليدي بتقرت، اطروحة دكتوراه منشورة في علم الاجتماع التنظيم، كلية العلوم الانسانية، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، الجزائر.
3. الحموي، منى، (2010). التحصيل الدراسي وعلاقته بمفهوم الذات (دراسة ميدانية على عينة من تلاميذ الصـــف الخامس الحلقة الثانية- من التعليم الأساسي في مدارس محافظة دمشق الرسمية، رساله ماجستير منشورة في مجلة جامعة دمشق، المجلد 26.
4. شـعبان ، ناهد. (2002). مسرـح العرائس كمدخل للتثقيف الغذائى لدى أطفال الرياض، رسالة ماجستير .كلية التربية ، جامعة طنطا.
5. عبدالفتاح، فاطمة مصـــطفي، (2001): فاعلية مواقف تعليمية مقترحة في تنمية بعض المهارات الحياتية لطفل ما قبل المدرسة، رسالة ماجستير، كلية التربية جامعة حلوان.
6. عبداللاه، صـــباح محمود، (2011): فعالية اســتخدام مســـرح العرائس في تنمية بعض المهارات الحياتية للأطفال المعاقين فكريا، رسالة ماجستير في التربية الخاصة، قسم الصحة النفسية، كلية التربية، جامعة الزقازيق.

پێنجەم: ئینتەرنێت

1. الخيكانى، محمد رضا، (2014). مفهوم المهارة، شبكه جامعة بابل، كليه الفنون الجميلـة، قســم التربيـة الفنيـة، رابط الموضــوع: http://www.uobabylon.edu.iq/uobcoleges/lecture.aspx